# سەلەف و سەلەفیەت

# و

# وەڵامی هەندێك تۆمەت

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على المبعوث رحمة للعالمين وعلى آله وأصحابه أجمعين وبعد :**

**هەڵبەت نامەوێ پێناسەی ( سەلەف ) و ( سەلەفیەت ) بکەم لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەوە ، بەڵکو ئەمەوێ لە ناحیەی زەمەنیەوە پێناسەی بکەم . مەبەست بەسەلەف وەك ئەوەی زانایان و توێژەران لە کۆن و تازەدا پێناسەیان کردووە ئەهلی سێ سەدەکەی یەکەمی ئیسلامە ، واتە : مەبەست بە سەلەف لە ڕووی مێژووییەوە ئەهلی سێ سەدەکەیە لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ و شوێنکەوتوانیان و شوێنکەوتوانی شوێنکەوتوانیان لە وانەی پێغەمبەری خوا ﷺ شاهێدی بە( خيرية )و چاکی بۆ داون ، وەئەویش لەو فەرمودەیەدا کە پێشەوا بوخاری ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە ( صحيح )ەکەیدا لە (عمران بن حصين )ەوە خوا لێی رازی بێت دەیگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرمویەتی** (خير أمتي قرني ، ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم ...) **بڕوانە : صحيح البخاري ، كتاب : فضائل أصحاب النبي ﷺ ، باب(2) الحديث رقم ( 3650 ) .**

**جا ئەهلی ئەو سێ سەدەیە لەسەلەفی صاڵح باشترینی ئوممەت و بەرێزترین خەڵك و موسڵمانان بوون لە دوای پێغەمبەرانی خودا (عليهم الصلاة والسلام)، وەصددیقەکان و شەهیدەکان و صاڵحەکان و پێشەواکان ئەوانەی موسڵمانان ئیجماعیان لەسەر هیدایەت و دیرایەتیان کردووە لەوان بوون ، وە ئیبن مەسعود خوا لێی ڕازی بێت فەرموویەتی :** (( من كان مستناً فليستن بمن قدمات ، فإن الحي لا تؤمن عليه الفتنة ، أولئك أصحاب رسول الله ﷺ أبر هذه الأمة قلوباً وأعمقها علماً وأقلها تكلفاً ، قوم اختارهم الله لصحبة نبيه وإقامة دينه فاعرفوا لهم حقهم وتمسكوا بهديهم ، فإنهم كانوا على الهدى المستقيم )) **بڕوانە :** ( جامع بيان العلم وفضله ج119/2 ، دار الفكر – بيروت.

وەپێشەوا ( شافعی ) سەرمەزهەبی شافعیەکانیش فەرموویەتی (( هم فوقنا في كل علم وعقل ودين وفضل وكل سبب ينال به علم أو يدرك به هدى ، ورأيهم لنا خير من رأينا لأنفسنا )) د . ابو اليزيد العجمي – اهتمام علماء المسلمين بعقيدة السلف ، مجلة ( البحوث الاسلامية ) ، العدد (15 ) الصادر عام 1406 هـ .

وە هەر لەبەر ئەوە بە (( سلف الصالح )) واتە : پێشینی چاك ناویان لێناون ، هەر وەك ئەوەی لێکۆڵەرەوان لە زانایانی عەقیدەو بنەماکانی ئایین بە چەندین ناوو سیفەتی دیکە کە لە (( أثر ))دا ، یان لە پێشەوایانی سەرمەشق و پێشەنگەوە هاتووە ناویان لێناون وەك (( أهل السنة )) و (( أهل الحديث )) و (( أهل الأثر )) ، وە وەصفداریشیان کردوون بە(( أهل الإتباع )) و(( الفرقة الناجية )) و،(( الطائفة المنصورة )).وە بەو شێوەیە بێژەی (( السلف )) لەلای موسڵمانان بووە بە (( عەلەم )) و ناو بۆ هاوەڵان و شوێنێکەوتوانیان وشوێنکەوتوانی شوێنکەوتوانیان ئەوانەی لەسەر نەهج و ڕێبازی ئەوان ڕۆشتوون لە پێشەوایان و زانایانی ئیسلام ، وەك پێشەوایانی چوار مەزهەبەکە و سوفیانی سەوری و سوفیانی کوڕی عویەینە و لەیسی کوڕی سەعدو ئیبن موبارەك و ئیبراهیمی نەخەعی و بوخاری و موسلیم و ئەصاحبی سونەن ، نەك ئەوانەی بیدعە چی بوون ، یان بە لەقەب ونازناوێکی ناپەسەند ناوبانگیان دەرکردووە وەك (( خوارج )) و (( روافض )) و (( الجبرية )) و (( المعتزلة )) و (( الجهمية ))و گروپە لاڕێبوەکانی دیکە .

وە لەوەی ڕابورد دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بێژەی (( سلف )) ئەگەر چی دەبڕدرێ بەسەر ئەهلی ئەو سێ سەدەیەی یەکەمدا کەلە فەرموودەکەدا هاتووە بەڵام عیبرەت لەوەدا بەو ڕێگەیەیە کە ئەوان لەسەری ڕۆشتوون ، وە بەو مەنهەج و ڕێبازەیە کە پەیڕەوییان کردووە ، جا سەبقی زەمەنی بەتەنیا کافی نییە بۆ وەسفی طائیفەیەك لە خەڵك بەوەی لەسەلەف بن ئەگەر مەنهەج و ڕێبازیان موافقی قورئان و سوننەت نەبێ بە دەق و بە ڕۆح ، جا ئەوەی مەنهەج و ڕێبازی موخالفی قورئان و سوننەت بێ لە سەلەف نییە ، ئەگەرچی لەناو صەحابە و تابیعینیشدا ژیابێ . بێگومان ئەوەی

بەراستی شوێنی سەلەف بکەوێ و پابەندبێ بەوەی ئەوان پێوەی پابەندبوون و لەسەر نەهج و ڕێبازی ئەوان  بڕوات و شوێنپێی ئەوان هەڵبگرێ پێی دەوترێ سەلەفی بەیائی نسبەت .

ئەمما(( سەلەفییەت ))کە نسبەتە بە(( سەلەف ))،مەبەست(( طریقە ))و ڕێگەی ((سەلەف))ەلە هاوەڵان و تابعییەکان وشوێنکەوتووەکانیان وەبەم مانایە((سەلەفیەت )) ڕێباز و مەنهەجێکی درێژبوەوەیە تا ڕۆژی قیامەت .

وە ئینتساب و خۆدانە پاڵی دروستە کاتێ کە ئەو کەسە پابەندبێ بە مەرجەکانی و بنچینەکانی ڕێبازەکەوە کە (( سەلەف ))پابەندبوون پێیانەوە . کەواتە : سەلەفیەت ، واتە : مەنهەجی سەلەف ، وە مەبەستیش بە مەنهەجی سەلەف ، خودی مەنهەجی ئیسلامی پیرۆزە ، وە ئەویش ڕێگەی ڕاستی خودا و ئەو حەبلەبتەوەیە خودا فەرمانی پێمان کردووە بە شوێنکەوتنی لە فەرمایشتی خۆیدا :﴿ وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾( الأنعام :153 ) . وە پێغەمبەری خوداش ﷺ تێیدا فەرموویەتی : (( ترکتکم علی البیضاء لیلها کنهارها لا یزیغ عنها بعدي الا هالك)) رواه احمد في المسند ، ج4/ 126 وغیره .

ئەمە زۆر بە کورتی پێناسەی (( سەلەف )) و (( سەلەفییەت )) بوو .

هەندێك تۆمەت و وەڵامەکانیان :

هەڵبەت لەمڕۆدا ئەوەی ئیددیعای سەلەفیەت و شوێنکەوتنی مەنهەج و ڕێبازی سەلەف ، یان ئەهلی سوننەت و جەماعەت بکات بە مانا تایبەتەکەی ، ئەوا دوژمن و ناحەزێکی زۆری لەدژ ڕاست دەبێتەوەو بە کەیف و ئارەزووی خۆیان تۆمەتی بەسەردا دەبەخشنەوە ، بە مەبەستی ناشرینکردن و ناوزڕاندنیلەناو کۆمەڵگەدا . وە گشتاندنیان بەسەر هەموو ئەو کەسانەدا کە مەنهەج و ڕێبازی سەلەف بە ڕاست و دروست و دوور لە هەموو کەم و کورتییەك دەزانن ستەمە ، بەڵکو ستەمێکی گەورەیە

چونکە سەلەفییەکان هەموویان لەسەر دەستی شێخێك ، یان مامۆستایەك زانست و مەنهەج و ڕێبازی سەلەفیانوەرنەگرتووە ،وە تێشیاندا خەڵکێك هەیە لە کتێبەکان و نوسینەکانی زانایان و پێشەوایانی سەلەفەوە سەلەفیەتی وەرگرتووە و ئاشنایەتی لەگەڵ مەنهج و ڕێبازی سەلەف پەیداکردووە ، وە ئێمەش یەکێکین لەوانەی سەلەفیەتمان بەو شێوەیە وەرگرتووە، هەر چەندە لەسەر و بەندی فەقێتیدا سودمان لە زانستی هەریەك لەبەڕێزان مامۆستا أحمد کاکە محمود و مامۆستا شێخ صدیق سەرگەتی و مامۆستا مەلا أحمدی ساوجی ومامۆستا مەلا عبدالعزیزی ئیزەدی وەرگرتووەومامۆستا( عبدالخالق ) ی زاوەریش لە ساڵی 1991زمۆڵەتی زانستی پێمان داوە.

ناو بەناو دەبیستین هەندێك تۆمەتی ئەوە دەدەنە پاڵی ئێمە کە گوایە سەر بە ڕەوتێکین بەناوی مەدخەلیزم ! بەڵام ئەوە جگە لە درۆیەکی شاخدارنەبێ ، هیچ شتێکی دیکەنییە ، وە نەك هەر شێخ ڕەبیع بەڵکو وێنەیشیمان نەبینیوە ، هەندێك لە کتێبەکانی نەبێ ، وە ئەویش دەپێکێ و هەڵە دەکات وەك هەموو کەسێك ، بەڵام ئەوە ڕەت دەکەینەوە کە خەڵکێك بەدرۆ و بوهتان نسبەتی ئێمە بە شێخ ڕەبیع ، یان هەر شێخێکی دیکە دەدا ، وە ئەمە ڕێك وەك ئەوە وایە کە خەڵکێك لە ڕابردوودا دەیانگوت فلان وەهابی یە ونسبەتیان بە شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب دەدا ! هەڵبەت لەگەڵ ئەدەب و زۆر ڕێزمان بۆ هەموو زانایان و پیشەوایانی ئایین دەڵێین: ئێمە پێمان دروست نییە پەیڕەوی لە ئیمامێکی وەك ئیمامی گەورە( ئەبو حەنیفە )،یان ئیمامی( دارالهجرة ) ئیمامی ( مالك ) ، یان ( ناصر السنة ) پێشەوا شافعی ، یان ( امام السنة ) پێشەوا (أحمدی کوڕی حەنبەل)لە هەموو وتەکان و بۆچوونەکانیاندابکەین وەك ئەوەی حەنەفیەك ، یان مالکیەك ، یان شافعییەك ، یان حەنبەلیەك بە دەمارگیرییەوە پەیڕەوییان لێدەکات و ئینتسابی خۆی بەوان دەدات ، بەڵکو لەگەڵ ئیقرارمان بە فەزڵ و گەورەیی و ئیمامەتیان دەڵێین : ئەوانیش دەپێکن و لەقسەی هەموو کەسێکیش وەردەگیرێ و ڕەد دەکرێتەوە جگە لە قسەی پێغەمبەری خوا نەبێ(ﷺ)،هەر چەندە سوودیش لەکەلەپووری فیقهی و

ئیجتهادەكانیان وەردەگرین و بەرزیان دەنرخێنین .جا كەوابوو چۆن ئەوە بە دروست ئەزانین پەیڕەوی لە شێخ ڕەبیع مەدخەلی یان كەسێكی دیكە بكەین ؟! ، وە ئەگەر بێتو پەیڕەوی لە زانایەك بكەین بە تەقلید ئەوا پەیڕەوی لە پێشەوا ( أبو حنیفە ) ، یان ( مالك ) ، یان ( شافعی ) ، یان ( أحمد ) دەكەین نەك لە شێخ ڕەبیع ، یان شێخ محمد أمان علی جامی ،یان كەسێكی دیكە لە زانایان ، یان لە مامۆستایەكی، سەلەفی هەروەك ئەوەی هەندێك بەدرۆ و بوهتان ئینتسابیهەموو سەلەفییەكانی كوردستان بە بەڕێز دكتۆر عبداللطیف دەدەن و بە شێخی سەلەفیەكانی كوردستان ناوی دەبەن ! وە ئەوەش ستەمە لە بەڕێز دكتۆر عبداللطیف لەلایەك ، چونكە ئەو شێخی سەلەفییەكانی كوردستان نییە ، وەسەلەفیەكانیش بە تایبەت شێخكیان نیەئەمە لەلایەكەوە ، وە لەلایەكی دیكەشەوە ستەمیشە لە سەلەفییەكانی كوردستانیش جگە لە قوتابییەكانی خۆی نەبێ ، چونكە ئەوانیش تەنها وەك مامۆستایەكی سەلەفی لێی دەڕوانن وەك ئەوەی خۆیشی تەنها بە مامۆستایەكی سەلەفی دەزانێ نەك زیاتر . وە ئێمەش كە برادەری و دۆستایەتیەكمان لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عبداللطیف ، یان هەر مامۆستایەكی دیكەی سەلەفی هەبێ لە برادەری و دۆستایەتی زیاتر نییە ، وەدیسان برادەری ودۆستایەتیشمان لەگەڵ هەندێك لەئیسلامییەكانیشدا هەیە ، هەر چەندە هەموو موسڵمانان براین لە ئیسلام و ئیماندا . وە جگەلەوە هیچ تەوجیهێكیش لە هیچ كەسێكەوە وەرناگرین و پەیوەندیشمان بە هیچ حیزب و كۆمەڵ و حوكومەتێكەوە نییە ، وە لە تاوان و هەڵەی حیزبی نوور و دەسەڵاتدارانی شانیشنی سعودیەو كودەتاكەی سوپای میصری و تاوانەكانی سیسی بەرپرسیارنین، بەڵكو بەرین لە ڕژانی هەموو دڵۆپە خوێنێك و هەر تاوانێك كە بەرامبەر بە ئیخوان و خۆپیشاندەران تاوانباران ئەنجامیان داوە و ئەنجامی دەدەن ، وە ئێمە لە ووتاری هەینیشدا لە دوای كودەتاكەوە ئیدانەی ئەوەمان كرد لەسەر مینبەری مزگەوتی أبوبكری صدیق لە هەڵەبجەی شەهید. وە لەگەڵ ئەوانەشدا تۆمەتی ئەوەش دەدەنەپاڵ هەرچی سەلەفیە كەگوایە دەسەڵاتدارانی عەلمانی

لەهەمووولاتێك **بە ئەمیرو ئیمامی خۆیان** دەزانن **!بەڵام ئەوەش دیسان جگە لە بوهتان و درۆیەکی شاخداری دیکە یان نەبێ هیچیتر نییە.**

**وەئەم بەندەیەی خوا بەنمونە ئەگەر هەر سەرۆك حیزبێك چ عەلمانی و چ ئیسلامی بە ئەمیرو ئیمامی خۆی بزانێت ، ئەوە بەراستی هەڵەیە ئەگەر لەسەر سەلەفیەت حیساب بکرێت** ،وەئیللابوهتان و درۆ هەڵبەستن بەسە و بیرێك لەسزاو پاشە رۆژەکەی بکەنەوە لەڕۆژی قیامەتداو واز بێنن لەبوهتان و درۆ هەڵبەستن وتۆمەت بەخشینەوە.

**ئەمە بە کورتی وەڵامی هەندێك لە تۆمەتەکان و بوهتانەکانی ناحەزانی سەلەفیەت بوو.داوا لە خوای بەرزوبالاّ دەکەین هیدایەتی ئێمەیش وئەوانیش وکار بەدەستانیش بدات بۆ ڕێگەی ڕاست و تەحکیمی شەرع و ئایینەکەی خۆی .وصلى الله وسلم وبارك على النبي الأمي محمد وآله وأصحابه أجمعين والحمد لله رب العالمين .**

**م . مصطفی محمد زەڵمی**

**هەڵەبجەی شەهید**